بیبلۆگرافیای

بڵاوکراوە وەرزشییەکان

(١٩٨٥-٢٠١٢)

ستادیۆم

Sports ڕیگا

کاروانی وەرزش

سۆران وەرزشی

مۆندیال

پارێ

سپۆرت

هاوڵاتی وەرزش

21920

EVRO

OLYM KIRKUK

سەنگەر زرار

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بیبلۆگرافیای بڵاوکراوە وەرزشیەکان



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی پەرتووک: بیبلۆگرافیای بڵاوکراوە وەرزشییەکان (۱۹۸۵-۲۰۱۲)

بابەت: رۆژنامەگەریی وەرزشی

نووسەر: سەنگەر زرار

پێشەکی و پێداچوونەوەی زمانەوانی: زاگرۆس نانەکەلی

سەرپەرشتیاری گشتی: ئاراس رواندزی

تایپ و هەڵەچنی: هەڵاڵە حەمەد

دیزاین: عومەر حسێن

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

ساڵی دەرچوون: هەولێر/ ۲۰۱۲

چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر

* لەچاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

* ژمارەی سپاردنی ۲۵۴۳ ی ساڵی ۲۰۱۲ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

★پێشەکی ٦

★دەروازە ٧

★بەشی یەکەم/ بلاوکراوە وەرزشییە فەرمییەکان ٩

★بەشی دووەم/ بلاوکراوە وەرزشییە نافەرمییەکان ٢٢٨

★بەشی سێیەم/ ئامار و داتای بلاوکراوەکان ٢٥٠

★دواپەیف ٢٦٤

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ویستی نووسەر لەدانانی ئەم پەرتووکە، کۆکردنەوە و بەزیندوو هێشتنەوەی ئەرشیفی بلاوکراوە وەرزشییەکانە، بۆیە هەوڵی ئەوەی داوە زۆر بەوردی کار لەسەر ناساندنی یەکەیەکەی بلاوکراوە وەرزشییەکان بەڕۆژنامە و گۆڤارەوە بکات، دەتوانم بڵێم تا سنوورێکی باشیش توانیویەتی بەسەرکەوتوویی ئەم هەنگاوە بنێت و ئامانجەکانی بپێکێت، وەک دەردەکەوێت ئەمەش بەکارکردن و بەدواداچوونی بەردەوامی بووە لەسەر بلاوکراوەکان.

گەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئەم پەرتووکە و دانەری پەرتووکەکە بکەین، دەبێت چەند خاڵێك لەسەر پیتەکان دابنێین، بۆ ئەوەی سەلیقەی دانەر و گرنگی پەرتووکەکە شرۆڤە بکەین، دانەری پەرتووك بەوردی ریزبەندی و پێوەر و خاڵی دەستپێکردن و سەرەتای سەرهەڵدان و جۆر و بەشەکانی بلاوکراوە وەرزشییەکانی لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، لەمێژوویەکی دەوڵەمەندی هەمەلایەنە و بێلایانە و گەرال ئامێزدا وەشاندووە.

پەرتووکەکەش دەکرێت بڵێین سەرەتایەکی گرنگی پشت بەستووی مێژووی رۆژنامەگەریی وەرزشی کوردیی بێت،چونکە مێژووی کۆن و نوێی رۆژنامەگەریی وەرزشی کوردی، تێکهەڵکێش و ئاوێتەی یەکتری کردووە و توخمێکی نوێی پرۆفیشنالی و سەردەمییانەی رۆژنامەگەریی وەرزشیی کوردستانی لێیبەرجەستە بووە و مێژوویەکی پوختی رۆژنامەگەریی وەرزشیی کوردی خستووەتەروو.

لەنێوان دانەر و پەرتووکەکەدا دوو نوێخوازی ئەکادیمی خۆیان راگەیاند، دانەری پەرتووکەکە جگە لەنوێخوازی و داهێنان، گرێ کوێرەی بەزاند بۆ راگەیاندنکارانی تر کەکاری ئەکادیمی و زانستی و پرۆفیشنالانە بکەن بۆ بەرەوپێشبردن و خزمەتی زیاتری راگەیاندنی وەرزشیی کوردی.

گومانی تێدا نییە ئەم پەرتووکە ئەرشیف و داتایەکی گرنگە و هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و دەگمەن و بەنرخی کتێبخانەی وەرزشیی کوردی کە لەم لایەنەوە زۆر هەژارین.

زاگرۆس نانەکەلی

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەروازە

نەگەر بمانەوێت مێژووی دەرچوونی بڵاوکراوە یان چاپکراوە وەرزشییەکان لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا پۆلێن بکەین، ئەوا دەتوانین بۆ سێ قۆناغ یان بۆ سێ سەردەمی جیاواز بیگێڕینەوە، سەردەمی پێش راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و سەردەمی پاش راپەڕینەکە و سەردەمی دوای پڕۆسەی نازادی گەلانی عیراق لەبەهاری ٢٠٠٣دا، چونکە هەر سەردەمەی بایەخ و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، هەربۆیە کەدەستم دایە نەمکارە و بیبلۆگرافیایەک لەسەر بڵاوکراوە وەرزشییەکان نامادەبکەم، ئەوا بڵاوکراوەکانم بۆ سەر سێ سەردەمی جیا پۆلێن کرد.

کاروانی وەرزش یەکەمین و تاقە رۆژنامە بووە

لەمێژووی میدیای نووسراوی وەرزشیدا، یەکەمین بڵاوکراوەی وەرزشیی کوردیی کەدەرچووبێت (کاروانی وەرزش) بووە لەسانی ١٩٨٥دا، جگە لەوەی کاروانی وەرزش بەنۆبەرەی بڵاوکراوە وەرزشییە کوردییەکان لەسەردەمی بەر لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەژمێردرێت، تاقە رۆژنامەی نەو سەردەمەش بووە کەسەرەتا بەزمانی کوردی وەک پاشکۆی (گۆڤاری کاروان) لەدوو هەفتەدا جارێک دەرکراوە و دواتر بووەتە هەفتەنامەیەکی وەرزشی و بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و تا سانی ١٩٩٠ بەردەوام بووە، دوای نەمەش هەر لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی (الپقافه الریاچیه) بەشێوەی وەرزیی و بەزمانی عەرەبی دەرکراوە.

قۆناغی دوای راپەڕین، قۆناغێکی سەرەتایی و نوێ بوو

لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری خەلکی کوردستان لەمارتی ١٩٩١داو نازادکردنی زۆربەی شاری شارۆچکەکان، دەرچووانی چاپکراوە وەرزشییەکان قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی و بەکەم بڵاوکراوەی وەرزشیی کوردیی و نازاد وەک بەرهەمی راپەڕین لەدایکبوو، نەویش پاشکۆی رۆژانەی (ڕۆژهەڵات)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو لەسانی ١٩٩٤دا و بووە مژدەبەخشی میدیای نووسراو و نۆبەرەی رۆژنامەگەریی وەرزشی کوردیی لەسایەی راپەڕیندا، لەم قۆناغەدا تا پڕۆسەی نازادی گەلانی عیراق لەبەهاری ٢٠٠٣دا، جگە لەدەرکردنی ١٨ بڵاوکراوەی نافەرمیی، ١٩ بڵاوکراوەی فەرمیش وەک رۆژنامە و گۆڤار دەرکراون و میدیای نووسراو گەشەی بەرچاوی کرد و پێگەی خۆی گرت، نەمە سەرەڕای تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بەوەرزش لەزۆرینەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بۆیە دەتوانین قۆناغەکە بەقۆناغێکی سەرەتایی و نوێی کارکردنمان بناسێنین.

قۆناغی نێستای بڵاوکراوەکان، قۆناغێکی زێڕینە

پاش پڕۆسەی نازادی گەلانی عیراق لەبەهاری ٢٠٠٣ەوە تانێستا، کەشێکی باشتر و لەبارتر بۆ دەولەمەندکردنی نەم بواره و درێژەپێدانی کاروانەکە خولقاوە و بەدەیان بڵاوکراوەی تری وەرزشی لەدایکبوون، کە نەوەی من لێرەدا تۆمارم کردووە بەرۆژنامە و گۆڤارەوە، جگە لە ٢ بڵاوکراوەی نافەرمیی، ٧٠ بڵاوکراوەی فەرمییە، بۆیە دەکرێت بڵێین خەرمان بەرەکەت و قۆناغی پاش پڕۆسەی نازادی گەلانی عیراق بۆ بڵاوکراوەکان، قۆناغێکی زێڕین بووە.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library